ستراتیجی سیاسەتی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و ڕۆڵی پارتی لە گەیشتن بە یەکرێزیی کورد

شێروان ئازاد

پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (یەکێتیی) لە مێژە زاڵن بەسەر سیاسەتی کورد لە باشوور. دەسەڵاتی ئابووری و سیاسییان کۆنترۆڵ کردووە، لە هەمان کاتدا، پێشکەوتنی دیموکراسی ڕاستەقینەیان سنووردار کردووە. سەرەڕای ئەوەی زۆرێک لە ڕووناکبیران و چالاکوانانی مەدەنی لەناو کۆمەڵگای کوردی دا بانگەشە بۆ دیموکراسی دەکەن، بەڵام نەیانتوانیوە لە کاریگەرییە پاوانخوازی و خێڵەکییەکانی دەسەڵات ڕزگاریان بێت .

نموونەیەکی بەرچاو یەکێتیی خۆیەتی! یەکێتیی کە خۆی وەک هێزێکی سۆسیال دیموکراسی بە سەرکردایەتی کەسانی خوێندەوار و ڕووناکبیر نیشان دەدا. لە ڕووی تیۆرییەوە ئەمە دەبوو لە دامەزراندنی حوکمڕانی دیموکراسی لە کوردستان دا سوودێکی ستراتیجی گەورەیان پێ ببەخشێت بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو بزووتنەوە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە چەندین جار و بەردەوام لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان ەوە گۆلیان لێ کراوە. ئەگەر بەڕاستی سەرکردایەتی یەکێتیی وەک ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن خوێندەوار و شارەزای سیاسییان هەبووایە، ئەوا لە دینامیکی سەرکردایەتی خێڵەکی و

پێکهاتەکانی دەسەڵاتی خێڵەکی تێدەگەیشتن. شکستهێنانیان لە چەسپاندنی دەسەڵاتی بارزانییەکان بەسەر کوردستان ـدا، پرسیارێکی گرینگ دەوروژێنێت! چۆن ڕووناکبیران و هەڵسوڕاوانی سیاسی بانگەشەی ڕۆشنبیری و تێگەیشتن دەکەن، ئەگەر نەتوانن زاڵ بن بەسەر ستراتیجییەکانی سەرکردایەتی؟ ئەم بۆشاییە لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا تیشک دەخاتە سەر ـدوازییەکی بنەڕەتی لە سەرکردایەتی "خوێندەوار"ی یەکێتیی و هەموو ڕووناکبیرانی کورد.

پارتە سیاسییەکانی ئێستاش و ڕووناکبیران وکۆمەڵگەی مەدەنیش لە کوردستان تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی بنبڕیان لەو بابەتە نەکردووە بۆ تێگەیشتن لە ستراتیجی بەڕێوەبردنی سەرۆک خێڵەکان و سەرکەوتنیان لە مەیدانی سیاسی بە درێژایی مێژوو. لە ستراتیج و ڕۆڵی سەرکردەی عەشیرەتەکان لە حوکمڕانی و کۆنترۆڵکردندا دیارە خوێندنەوەیەکی دروستیان نییە! ئەوان لە بەخۆباییبوونیان بەو زانیاریانەی کە لە خوێندنەوەدا هەیانە، ناتوانن دان بەوەدا بنێن کە ئەو حیکمەت و تێگەیشتنەی کە ڕێنمایی ئەم سەرکردانە دەکات، لە ئەزموونی هەزاران ساڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە باوباپیرانیانەوە گوازراوەتەوە. خۆ هەموو میرنیشینە کوردەکان هەر سەرۆک خێڵ و بنەماڵەکان بوون، وا کارامە و لێهاتوو بوون کە لە هەندێک کاتدا تەواوی ناوچانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینیان لە ژێر ڕکێف بووە.

ستراتیجییەکانی کۆنترۆڵکردن لە لایەن سەرۆک خێڵەکان

لێرە مەبەستمە لە ستراتیجی بەڕێوەبردنی خێڵ بگەین و شی بکەینەوە تا بتوانین مامڵەی دروستی لەگەڵ بکەین. خێڵەکان و هۆزەکان لە مێژوودا ستراتیجی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە بۆ کۆنترۆڵی ئەندامەکانیان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکانیان. ئەم ستراتیجیانە زۆرجار پەیوەستن بە پێکهاتەی خێڵەکە و شێوازی سەرکردایەتیکردن و بەها کولتوورییەکان، بەڵام هەندێک ڕێبازی باو بریتین لە:

خزمایەتی و دڵسۆزی، هۆزەکان بە شێوەیەکی گشتی پشت بە پەیوەندییە بەهێزەکانی خێزان و سیستەمی خێڵ دەبەستن. دڵسۆزی بۆ خێزان یان خێڵەکەی، هەستکردن بە یەکگرتوویی، بەرپرسیارێتی هاوبەش دروست دەکات. سەرکردەکان لە خێزانە کاریگەرەکانی خێڵەکانەوە هاتوون و سەرکردایەتی لە ڕێگەی پشتاوپشت دەگوازرێتەوە.

کۆدەنگی، زۆرێک لە هۆزەکان جۆرێک لە بڕیاردانی بەکۆمەڵ بەکاردەهێنن. پیرەکان یان ئەنجوومەنەکان کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتە گرنگەکان، دڵنیابوون لەوەی بڕیارەکان ڕەنگدانەوەی ئیرادەی بەکۆمەڵی خێڵەکەن. بەڵام لە کۆتاییدا بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ سەرۆکی خێڵەکە دەگەڕێتەوە. ئەم ڕێبازە جۆرێک لە متمانە دروست دەکات، چونکە خەڵک هەست دەکەن دەنگیان دەبیسترێت.

یاسا و داب و نەریت، هۆزەکان کۆمەڵێک یاسا و نەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بە شێوەی زارەکی دەگوازرێنەوە. ئەم یاسایانە هاوسەرگیریی و ناکۆکییەکانی موڵک و ماڵ و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە گشتی بەڕێوەدەبەن. پێشێلکارییەکان

لەوانەیە ببێتە هۆی سزادانی توند، لەوانە دەربەدەری، غەرامە، یان پرۆسەی ئاشتەوایی، ئەمانەش یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی هەموو تاکێکی خێڵەکە بەبێ پشتبەستن بە سیستەمی فەرمی دەوڵەت.

چارەسەرکردنی ناکۆکی، نێوەندگیری لەلایەن گەورەسالانی بەرێزەوە ستراتیجییەکی باو و ئاساییە. پیرەکان کە وەک بێلایەن و ژیر سەیر دەکرێن، کاردەکەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامان بۆ ڕێگریکردن لە پەرەسەندن. ڕەنگە کێشەی خوێن یان ناکۆکی نێوان خێڵەکان لە ڕێگەی میکانیزمە تەقلیدییەکانی وەک پارەی خوێن (قەرەبووکردنەوەی زیانەکانەوە) یەکلایی بکرێتەوە.

هێما و ڕێورەسمەکان، زۆرجار هۆزەکان ڕێورەسم و هێما و نەریت بەکاردەهێنن بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی خۆیان و دەسەڵاتی سەرکردەکان. ڕێورەسمەکان ڕووداوە گرنگەکان دیاری دەکەن، وەک گواستنەوەی سەرکردایەتی یان هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزەکانی دیکە کە هاودەنگی و هاوسۆزی ئەندامانی خودی خێڵەکە بەهێز دەکات.

کۆنترۆڵی سەرچاوەکان، سەرکردەکان سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات و بازرگانی کۆنترۆڵ دەکەن. ئەمەش دەسەڵاتیان بەهێزتر دەکات. هەروەها دابەشکردنی سەرچاوەکان دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ پاداشتکردنی دڵسۆزی یان سزادانی نارەزایەتییەکانی ئەندامان.

هاوپەیمانی و شەڕ، خێڵەکان زۆر جار هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزەکانی تر یان دەسەڵاتە دەرەکییەکان بۆ پاراستنی خۆیان یان قازانجی ئابووری دروست دەکەن. لە کاتی ململانێدا سەرکردایەتی بەهێز و چینێکی جەنگاوەر بە نمایشی هێز توانای خۆیان بە هاوپەیمانەکانیان نیشان دەدەن. ئەمەش لە کاتی هەبوونی سەرکردەیەکی بیر فراوانتر ڕوودەدات، کە دەیەوێ دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر بکات یان لە کاتی هەبوونی هەر هەڕەشەیەک لەسەر دەسەڵاتی ئەو خێڵە. سەرکردەکان زۆر جار بۆیان گرنگ نییە هاوپەیمانی لەگەڵ کام لایەن دروست دەکەن، ئەوەی گرنگە دیارە مەبەستەکەیە کە ئاماژەی پێکراوە .

کاریگەریی کولتوور و ئایین، سەرکردە ڕۆحییەکان یان پێشڕەوە ئایینییەکان دەسەڵاتێکی بەرچاویان هەیە بە لێکدانەوەی پێشهاتەکان، سەرکردایەتیکردنی ڕێوڕەسمەکان و ئیدیعاکردنی پشتگیریی خوایی بۆ سەرکردەکانی هۆزەکان. ئایین دەتوانێت ئەندامان لە ژێر بیروباوەڕی هاوبەشدا یەک بخات، چوارچێوەیەکی ئەخلاقی دروست بکات کە گوێڕایەڵی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەهێز بکات لە ژێر کۆنترۆڵی سەرکردەی هۆزەکەدا.

کورتەیەک لە مێژوویی سەرکردایەتی خێڵەکی لە سیاسەتی کوردیدا

یەکێک لە گەورەترین هەڵەکانی بزووتنەوە سیاسییە مۆدێرنەکانی کورد بە کەم سەیرکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانی خێڵەکی بووە. بەپێچەوانەی پارتە سیاسییەکانی

سەردەم کە پشت بە پێکهاتەی ئایدیۆلۆجی دەبەستن، سەرکردە خێڵە کوردییەکان ستراتیجییە سیاسییەکان بە میرات دەگرن بەدرێژایی هەزاران ساڵ. بە درێژایی مێژوو نزیکەی هەموو ئیمپراتۆریەتێکی کورد لەلایەن سەرکردەیەکی بەهێزی خێڵەکییەوە دامەزراون کە بە سەرکەوتوویی هۆزەکانی دەوروبەری یەکخستووە و و بوونەتە هێزێکی گەورە.

لە مێژوودا ئیمپراتۆریەتە کوردییەکان و خانەدوادە دەسەڵاتدارەکان بە ناوی بنەماڵە خێڵەکییە دامەزرێنەرەکانەوە ناونراون نەک لە ژێر ناسنامەیەکی نەتەوەیی کوردیدا. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە چۆن حوکمڕانی لە کوردستان لە مێژە لەسەر بنەمای پێکهاتە خێڵەکییەکان دامەزراوە نەک ئایدۆلۆجیای سیاسی یان لە ژێر ناوی نەتەوەیی کوردیدا. هەندێک نموونەی سەرەکی مێژوویی بریتین لە:

میرنشینی بابان (١٦٤٩-١٨٥٠)، ئەم میرنشینە زلهێزە کوردییە لەلایەن بنەماڵەی بابانەوە دامەزرا، بەشێک لە کوردستانی ئێستای باشووری کۆنترۆڵ کرد و بە هێزی سەربازی و کاریگەریی سیاسی ناسراو بوو.

میرنشینی سۆران (١٨١٦-١٨٣٦)، ئەم کۆنفیدراسیۆنە خێڵەکییە کوردە بە سەرکردایەتی میر محەمەد پاشا، دەسەڵاتی ناوەندی دەکرد و کۆنترۆڵی خاکی کوردی بەر لە کەوتنی بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی فراوانتر کرد.

میرنشینی بادینان (١٣٧٦-١٨٤٣)، خانەدانێکی دەسەڵاتدارە لە دهۆک و ناوچەکانی دەوروبەری، کە نیشانی دەدات کە چۆن سەرکردایەتی خێڵەکی بۆ چەندین سەدە حوکمڕانی پاراستووە.

شانشینی ئەردەڵان (سەدەی ١٤ – ١٩)، میرنشینێکی کوردی بوو کە بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی بە تێکەڵەیەک لە پێکهاتەی دەوڵەتی خێڵەکی و نیمچە مۆدێرن بەڕێوە دەبرد.

شانشینی ئەیوبیەکان (سەدەی ١٢ – ١٣)، لەلایەن سەلاحەدین سەرکردەیەکی عەشیرەتی کورد دامەزرا کە بوو بە سوڵتانێکی بەهێز و خاکە فراوانەکانی یەکخست، لەوانە میسر و سووریا و میزۆپۆتامیا.

هەرکام لەو قەوارە مێژووییە کوردانە لەسەر سەرکردایەتی خێڵەکی بنیات نراون، کە سەرکردەیەکی عەشیرەتی باڵادەست بە پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەری دەسەڵاتی چەسپاندووە. وانەکە ڕوونە، توانای یەکگرتن و حوکمڕانی لە ڕێگەی تۆڕە خێڵەکییەکانەوە لایەنێکی بنەڕەتی سەرکەوتنی سیاسی کورد بووە لە ڕابردوو.

پارتی وەک دەسەڵاتێکی خێڵەکی مۆدێرن

پارچەپـــارچەبوونی کــــورد لە مێـــژە بەربەســــتێکە لە بەردەم بەدیهێنـــانی خواســـتە نەتەوەییەکـــان. لە کاتێکـــدا پـــارتی بەهـــۆی پەیوەنـــدییەکانی لەگەڵ ڕژێمـــی پێشـــووی عێـــراق و تورکیـــا و ئێـــران کە لە مێـــژوودا بـــزووتنەوە کوردییەکانیـــان ســـەرکوتکردووە، ڕەخـنـەی زۆری لـێ گیـراوە، بەڵام تـا ئێسـتاش وەک هێزێکـی باڵادەسـت لە کوردستان ـدا دەمێنێـتەوە. پێویسـتە هێـزە سیاسـییەکانی دیـکەی کوردسـتان بیـر لە ڕێبـازێکی نـوێ بـکەنەوە بـۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ پـارتی لەبـری ئەوەی تیشـک بـخەنە سـەر کردارەکـانی. پێویســـتە دان بە دەســـەڵاتی ئەودا بنـێن و بە شـێوەیەکی سـتراتیجی کـار بـکەن بـۆ ئەوەی بیهێنـــنەوە نـــاو هاوپەیمـــانییەکی فراوانـــی کـــوردییەوە. ئەمەش پێویســـتی بە تێگەیشـــتنە لە دینـامیکی سـەرکردایەتی پـارتی، بەتـایبەتی پێکهـاتە خێڵەکیـیەکەی، کە پاراســـتنی دەســـەڵات لە پێشـــینەی کارەکانیـــدایە. دیـــارە مەبەســـت لە شـــیکردنەوەی دەســـەڵاتی خێـــڵ و ســـتراتیجەکانی بەڕێـــوەبردنی کە لەســـەرەوە بـــاس کـــراوە تێگەیشتنی ئەو بابەتەیە بۆ پەیرەوکردنی مامەڵەیەکی دروست .

لێـــرە ئەگەر پەیوەنـــدی لەگەڵ دوژمنـــانی کـــورد بە خیـــانەت ناوببرێـــت لەلایـــەن نەیارەکـــانی پـــارتی، ئەوا زۆربەی هێـــزە کوردســـتانییەکانی دیـــکە بەتـــایبەتی، وەک یەکێتیی، هەمان کرداریان دووبارە کردۆتەوە بەڵام تەنها ئەو بەو ناوە دەبەن .

پـارتی بە سـەرۆکایەتی بنەمـاڵەی بـارزانی درێـژە بەم نەریـتە حـوکمڕانییە عەشـایەرییە دەدات. بە پـێچەوانەی پـارتە سیاسـییە مۆدێرنەکـان کە پشـت بە ئایـدۆلۆجیا دەبەسـتن، دەســـەڵاتی پـــارتی ڕەگوریشـــەی لە چوارچێـــوەیەکی مێژوویـــی قـــووڵی ســـەرکردایەتی

خێڵەکیـــدا هەیە، کە دڵســـۆزی و کـــۆنترۆڵکردنی زەوی و هاوپەیمـــانی بـــۆ فراوانکردنـــی دەســـەڵاتی خـــۆی لە پێشـــینەی ئامـــانجی سیاســـی گەورەتـــرە. لەگەڵ ســـەرهەڵدانی بیـــری نەتەویـــی کـــوردی/کوردســـتانی و دەوڵەتـــی نەتەویـــی لە مێـــژووی نوێـــدا، پارتی ـش ئامانجەکـــانی خـــۆی دادەڕێـــژێتەوە بـــۆ لە خـــۆگرتنی بەدیهێنـــانی ســـەربەخۆیی کوردستان .

پـــارتی لە ژێـــر مـــۆدێلی ســـەرکردایەتی خێڵەکیـــدا کاردەکـــات، کە دەســـەڵات لەنـــاو بنەمـــاڵەی بارزانی ـدا چـــڕ دەبێـــتەوە. وەکـــوو لەســـەرەوە ئامـــاژەی پێـــدراوە، ئەم پێکهـــاتەی بەڕێـــوەبردنە جیـــاوازە لە بـــزووتنەوە ئایـــدۆلۆجییەکان یـــان ناسیۆنالیســـتییەکانی تـــری وەک یەکێتیـــی و پە*کە*کە. خەمـــی ســـەرەکی ســـەرکردایەتی پـــارتی پاراســـتنی حـــوکمڕانییەکەیە لە پـــاڵ ئەوە ڕزگـــاری کـــورد دێـــت. هەر هەڕەشـــەیەکی بـــوونگەرایی بـــۆ ســـەر دەســـەڵاتەکەیان جـــا لە ڕکـــابەرە ناوخۆییەکـــانی کـــوردەوە بێـــت یـــان ئەکـــتەرە دەرەکییەکـــان پاڵیـــان پێـــوە دەنێـــت بـــۆ ئەوەی بەدوای هاوپەیمـــانی بەهێـــزدا بگەڕێـــن بـــۆ پاراســـتن. لە ڕووی مێـــژووییەوە ئەمە وای لێکـــردوون کە هاوکـــاریی هێـــزە دەرەکییەکـــان بـــکەن بـــۆ پارراســـتنی خۆیـــان تەنـــانەت بە نرخـــی نەهێشـــتنی تەواوی نەیارەکانیـــان و دابەشکردنی داهات و بەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئەو هاوپەیمانە دەرەکییانە.

یەکێـــک لە هەڵە گەورەکـــانی ســـەرکردەکانی پـــارتە سیاســـییەکانی دیـــکەی کوردســـتان ئەوە بـــووە کە پێیـــان وابـــووە پەروەردەی مـــۆدێرن و پاشـــخانی ئایـــدیۆلۆجییان بە ئاسـانی دەتـوانێ جـێگەی ئەم پێکهـاتە دەسـەڵاتە تەقلیـدییە بگـرێتەوە. بەڵام بەرەنجـام

تـــا ئێســـتا ســـەلماندوویەتی کە هەڵەن. توانـــای حـــوکمڕانی لە باشـــووری کوردستان ـدا تەنیـــا لەســـەر بنەمـــای پەروەردە یـــان ئایـــدۆلۆجیای سیاســـی نیـــیە، پێویســـتی بە شـــارەزایی لە سیاســـەتی خێڵەکیـــی هەیە، کە ســـەرکردایەتی پـــارتی لە مـــاوەی چەنـــدین ســـەدەدا بـــۆی مـــاوەتەوە. بێگومـــان ئەوە ڕاســـتە تـــا پەروەردە و ئایـــدۆلۆجیای خۆیـــان دەچەســـپێنن، ئەو کـــاتە ســـەرکردایەتی خێڵەکیـــی بەهـــای حکـــومڕانی خـــۆی لە دەســـت دەدات .

لە ئێســـتادا پەیوەنـــدی پـــارتی لەگەڵ تورکیـــا ســـتراتیجێکی مـــانەوەیە، هەڵبژاردنـــی پەیوەنـــدییەک نیـــیە لەســـەر بنەمـــای نزیکـــی بیروبـــاوەڕ. پـــارتی بە دەســـتەبەرکردنی پاڵپشـــتی ئـــابووریی و ســـەربازیی لە ئەنـــقەرە، هەژمـــوونی خـــۆی لە هەولێـــر و دهـــۆک مســـۆگەر دەکـــات و لە هەمـــان کاتـــدا بەرپەرچـــدانەوەی نفـــوزی یەکێتیـــی و پە#کە#کە دەدات. بەڵـام ئەم وابەســـتەییە دەیخـــاتە پێگەیەکـــی لاوازیشـــەوە، چـــونکە دەبێـــتە درێژکـــراوەی بەرژەوەنـــدییە جیۆپۆلەتیکیەکـــانی تورکیـــا نەک هێزێکـــی کـــوردیی تەواو سەربەخۆ.

کێشەی ڕێبازی ئێستای نەیارەکانی پارتی

ســـاڵانێکە گوتـــاری سیاســـی کـــوردی بە تـــایبەتی لە لـــایەن یەکێتیـــی و پـــارتە ئۆپۆزســـیۆنەکانەوە لەســـەر ناوهێنـــانی پـــارتی وەک خیانەتکـــار چـــڕ بـــووەتەوە کەچـــی دەســـەڵاتی پـــارتی لـاواز نەکـــردووە. بە پـــێچەوانەوە، وابەســـتەیی ئەو بە پەیوەنـــدییە

دەرەکییەکانی بەهێزتری کردووە. ئەو وابەستەیەش لەوە دێت کە کوتلە ناوخۆییەکانی کورد وەک هەڕەشەی ڕاستەوخۆ دەبینێت لەسەر بوونی خۆی.

خولانەوە لە ناو ئەو بازنەیەدا تەنها سوودی بۆ ئەکتەرە دەرەکییەکانی وەک عێراق و تورکیا و ئێران هەیە. هەرچەند هێزە کوردییەکان لە ناوخۆیان زیاتر دابەشبن، کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن زلهێزە ئیقلیمییەکان ئاسانترە. هۆکاری سەرەکی وابەستەی پارتی بە هێزەکانی دوژمن لە کۆن و ئێستادا نەیارە ناوخۆییەکانی کورد بووە کە وەک هەڕەشەی ڕاستەوخۆ دەبینێت لەسەر بوونی خۆی. تۆمەتبارکردنی پارتی لەلایەن یەکێتیی و پارتەکانی دیکە و بەبەردەوامی هێرشکردنە سەری، بەبێ پێشکەشکردنی چوارچێوەیەک کە جێی متمانە بێت و هەست بە ئەمنیەتی خۆی بکا، پارتی قووڵتر پاڵدەنێتە ژێر کاریگەرییەکانی تورکیا.

پێشکەشکردنی دڵنیای بۆ پارتی و گەڕانەوەی بۆ ڕیزی یەکگرتوویی کورد

بۆ شکاندنی ئەم بازنەیە، پێویستە حیزبە کوردستانییەکان بیر لە ستراتیجی ئێستای خۆیان بکەنەوە. لەبری ئەوەی هەڕەشەی لە ناوچوون لە سەرکردایەتی پارتی بکەن، پێویستە:

دان بە دەسەڵاتی پارتی بنێن، بەبێ گوێدانە ناکۆکییە سیاسییەکان، ڕاستییەکە هەروایە کە پارتی بەشێکی بەرچاوی کوردستانی باشووری کۆنترۆڵ کردووە.

پشتگوێخستنی ئەم واقیعە هاوسەنگی هێز ناگۆڕێت. هەر ستراتیجێک بۆ یەکڕیزی کورد دەبێت پارتی تێدا بەشدار بێت.

بەخشینی دڵنیایی سیاسی و ئەمنی، ترسی گەورەی پارتی، ڕووخاندن و لەناوبردنی ئەوە لەلایەن ڕکابەرە ناوخۆییەکانی کوردەوە. یەکێتیی و پە(کە)کە کە لە ئێستادا دوو هێزی سەرەکی ڕکابەری ئەون پێویستە گەرەنتی پێشکەش بکەن کە ئامانجیان لابردنی سەرکردایەتی بارزانی نییە بەڵکوو بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێزتر و سەربەخۆیە. ئەم دڵنیاکردنەوە دەتوانێت پەیوەندی پارتی بە تورکیا زۆر کەم بکاتەوە. نموونەش لەبەر دەستە کاتێک مام جەلال ئەو دڵنیایەی بەخشی بە مەسعود بارزانی، ناکۆکی کەوتە نێوانی ئەو و تورکیا و هەڕەشەی لە تورکیا دەکرد. یان پێدانی پەڕاوی سپی لەلایەن مەلا مستەفا بارزانی بە مام جەلال لە کاتی نوێنەرایەتی ئەو لە کۆبوونەوەکانی قاهیرە. ئەمانە ئەو پەڕی متمانەیی نیشان دەدەن بە هاوپەیمانەکانیان بەڵام بە داخەوە یەکێتیی ئەو متمانەیە دەدۆڕێنێت و نازانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکات .

دیالۆگی ڕاستەوخۆی کراوە، یەکێتیی و حیزبەکانی دیکە لەبری ئەوەی تەنها خەریکی ڕەخنە و تەخوینی پارتی بن، دەست بە دانوستان لەگەڵ پارتی بکەن، چارەسەری نیگەرانییە ئەمنییەکانیان بکەن و لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر سوودەکانی یەکگرتوویی کورد بکەنەوە. ئەمەش دەتوانێت هاوکاری ئابووری و

ستراتیجیی و سەربازیی هاوبەش و ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەخۆبگرێت.

کەمکردنەوەی نفوزی دەرەکی بەشێوەیەکی ستراتیجی، ئەگەر پارتی لە چوارچێوەی کوردستان ـدا هەست بە ئاسایش بکات، ئەوا هۆکاری کەمتر دەبێت بۆ پشتبەستن بە تورکیا. پێویستە بەدیلەکانی ئابووری و ئەمنی وردەوردە پەرە پێ بدرێت، بەمەش وابەستەیی بە تورکیا کەمتر پێویست دەبێت .

یەکگرتوویی کورد بە قازانج بۆ مانەوەی پارتی، پارتی بە ئاسانی دەستبەرداری تورکیا نابێت. بەڵام ئەگەر مانەوە لە هاوپەیمانی کوردی ـدا ئاسایش و سەقامگیری ئابووری و شەرعیەتێکی زیاتری بۆ دابین بکات، لەوانەیە بە هاوپەیمانییە لەگەڵ تورکیا بچنەوە. ئەم گۆڕانکارییە تەنها کاتێک ڕوودەدات کە پارتە زلهێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان نیشان بدەن کە چالاکانە کار بۆ لابردنی ئەو لە دەسەڵات ناکەن.

حوکمی خێڵ کەی کۆتایی دێت؟

پێکهاتەکانی دەسەڵاتی خێڵەکیی لە شەوێکدا لاواز نابن، بەڵام کاتێک لاواز دەبن کە:

- دەسەڵاتی ئابووری لە دەست سەرکردەکانی هۆزەکان نامێنێت لەگەڵ گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازی نوێ لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەوان.

- دامەزراوەکانی دەوڵەت سەربەخۆتر دەبن، بە کەمکردنەوەی پێویستی دڵسۆزی کەسی بۆ بنەماڵەی دەسەڵاتدار.
- ناسنامەی نەتەوەیی کورد و نیشتیمانیی کوردستان لە ناسنامەی خێڵەکیی بەهێزتر دەبێت.
- نەوەیەکی نوێ سەرهەڵدەدات کە دیموکراسی لە پێشینەی دەسەڵاتی خێڵەکیی دادەنێت، ئەویش لە ڕێگەی پەروەردە و میدیا و چالاکیی سیاسییەوە. کوردستان ئاقارێکی باشی بڕیوە لەو بوارەدا.
- گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکان پشتیوانی دەرەکی بۆ فەرمانڕەواکانی خێڵ کەم دەکەنەوە، بە ناچارکردنیان بۆ خۆگونجاندن یان لەدەستدانی دەسەڵات.

بنەماڵەکانی کوردستان بۆ مانەوە پێویستیان بە پارە و دەسەڵات هەیە و ئەوەش لە ڕێگەی گەندەڵییەوە دێت. دەسەڵاتەکانیان لەسەر سیستەمێکی گەندەڵی بنیات نراوە، پارە و کاریگەریی سیاسی لەناو بنەماڵەی دەسەڵاتدار و هاوپەیمانە نزیکەکانیدا چڕبووەتەوە.

بزووتنەوە کوردییەکان پێویستە سەرنجیان لەسەر کەمکردنەوەی دەستڕاگەیشتن بە سامانی گەندەڵیی بێت، جا چ لە ڕێگەی چاکسازی ئابووری، یاسای دژە گەندەڵی، یان فشاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. کاتێک گەندەڵی لاواز بوو، بە شێوەیەکی سروشتی دەستی بنەماڵەکان لەسەر دەسەڵات کەم دەبێتەوە.

بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ چی بکەن؟

بـــۆ خێراکردنـــی ئەم گواســـتنەوەیە لە دەســـەڵاتی خێڵەکـــی بـــۆ بەڕێـــوەبردنێکی دیموکراســـی پێویســـتە گـــرووپە ئۆپۆزســـیۆنە کوردســـتانییەکان و بـــزووتنەوە سەربەخۆکان:

- واز لە ئامـانجگرتنی کەسـایەتی و خەبـاتی بنەمـاڵەی بـارزانی و تاڵەبـانی بێـنن، لەبـری ئەوەی تەنهـا وەک خـائین هێـرش بـکەنە سـەریان، تەرکیـز لەسـەر لاوازکردنی سیسـتەمی خێڵەکیـی بـکەن بە پێشخسـتنی دامەزراوەکـان و بەدیلەکـانی ئـابووریی و ناسنامەی نەتەوەیی.
- پشـتگیری لە دامەزراوە سـەربەخۆکان، داکـۆکیکردن لە دەسـەڵاتی دادوەریـی سەربەخۆ و ڕۆژنامەگەری ئازاد و هێزی ئەمنی پیشەیی بکەن.
- هانـدانی سـەربەخۆیی ئـابووریی، کەمکـردنەوەی پشتبەسـتن بە داهـاتی نەوتـی ژێـر کـۆنترۆڵی بنەماڵەکـان و داهـاتی خـاڵە سنوورییەکان بە پشـتیوانیکردن لە بازرگـانە ناوخۆییەکـان و پیشەسـازییە نوێیەکـان، هاوکـات، دەرهێنـانی پـاوانکردنی ئەو بەشـانە لە دەستی ئەوان .
- وەبەرهێنـــان لە پەروەردە و میـــدیا، پێشخســـتنی بیرکـــردنەوەی ڕەخنەگـــرانە و تۆخکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانیی.

- بەکارهێنانی خەباتی سیاسی زیرەک، لەجیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە بنەماڵەکان بکەن، هەلومەرجێک دروست بکەن کە یان دەبێت چاکسازی بکەن یان شەرعیەت لەدەست بدەن.

کۆتایی

دەیان ساڵە سیاسەتی کوردی گیری خواردووە لە خولگەیەکی دابەشبووندا، کە تەنها سوودی بە هێزە دەرەکییەکان گەیاندووە. لە کاتێکدا هاوپەیمانییەکانی پارتی لەگەڵ تورکیا و هاوپەیمانییەکانی ڕابردوو لەگەڵ ئێران و عێراق زیانی زۆری بۆ سەربەخۆیی کورد هەبووە، بەڵام ڕێبازی ئێستای ڕەخنەی بەردەوام و تەخوینکردنی ئەو لەلایەن یەکێتیی و حیزبەکانی دیکە دەستی لە دەسەڵاتدا لاواز نەکردووە. دانان بە دینامیکی سەرکردایەتی خێڵەکی پارتی زۆر گرنگە. هێزە کاریگەرەکانی دیکەی کوردستان بە پێشکەشکردنی دڵنیایی سیاسی و خستنەڕووی یەکڕیزیی کورد وەک بەدیلێکی سەلامەتتر بۆ پشتبەستن بە تورکیا، دەتوانن دەرفەتێک بۆ یەکخستنەوە دروست بکەن. ئەم ستراتیجە پێویستی بە وازهێنان لە پرەنسیپەکان نییە بەڵکوو بە بەکارهێنانی ڕیالیزمی سیاسی بۆ شکاندنی سووڕی دابەشبوون و بەهێزکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە.

کوردستان چاوەڕێی دەرفەتێکە چونکە خەڵکێکی زۆر لە کوردستان پشتگیری لە دیموکراسی دەکەن. کێشەکە داگیرکاری تەواوی عەقڵیەتی خێڵەکی نییە بەڵکوو

نەبوونی دەرفەتێکە بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە. لەو کاتەی کە کاریگەرییە دەرەکییەکان (وەک تورکیا، ئێران و عێراق) رـدواز دەبن، هەلی گۆڕانکاری دیموکراسی ڕاستەقینە دێتە ئاراوە.